پارێزەری ئاو
WATERKEEPERS® IRAQ
PO Box 273, Sulaymaniyah,
Kurdistan Region, Iraq
+964 07703594408

Contact: Nabil Musa
Iraq Upper Tigris Waterkeeper
info@waterkeepersiraq.org
Hotline: +964 07703594408

16 June 2016

## پارێزەرانی ئاو لە عێراق بە دوای رژانی پاشەڕۆی نەوتێکی زۆردا دەچێت

## لە شوێنی فڕێدانی خۆڵ لە سلێمانی

بۆ چەندەها ساڵ شاری سلێمانی لە کوردستانی عێراق خۆڵ و پاشەڕۆ فڕێدەداتە شوێنێک لە ناوچەیەکی پیشەسازی لە باشووری ڕۆژهەڵاتی شارەکە لە نزیک رووباری تانجەرۆ ناسراوە بە شوێنی فڕێدانی خۆڵی تانجەرۆ. زۆربەی ئەم پاشەڕۆ و خۆڵە لە دانیشتوانی شارەکەوە دێت بەڵام کارگەی پیشەسازی و بازرگانیش ئەم شوێنە بەکار دەهێنن. ئەم شوێنە کراوەیەو بە هیچ شێوەیەک خاک نەدراوەتەوە بە سەریا و کەش و هەوای ئەم ناوچەیەی بۆ چەندەها ساڵ پیس کردووە.

پاشەڕۆی نەوت و چەندین مادەی ژەهراوی تر لێرەدا فڕێدەدرێت کە ئاوی سەر زەوی ناوچەکەی بەردەوام پیس کردووە. لە زستانی ٢٠١٦ پاشەڕۆی نەوت کە ئێستا تێکەڵ بووە لەگەڵ ئاوی باران و زبڵ گەیشتە پلەیەکی ترسناک و رژاونەتە دەرەوەی ئەم شوێنە بەرەو رووباری تانجەرۆ. هەوڵدان بۆ وەستانی ئەم پیسییە تێکەڵ بە نەوت بە هەڵکەنینی چاڵێک لە بەشی باشووری شوێنی فڕێدانی پاشەڕۆکان سەرکەوتوو نەبوو و لە کۆتایی مانگی شوباتی ئەم ساڵ ئەم چاڵە پڕ بوو و نەوتە پیسەکە رژاوەتە بەشی ئەوبەر بەرەو ئەرزی کشتوکاڵ لە نێوان شوێنی فڕێدانی پاشەڕۆکە و رووبارەکە.

لە مانگی شوباتەوە ئەم نەوتە پیسە زیاتر لە ١٤٠ مەتر رۆشتووە و بە پێی پێوەرەکانی پارێزەرانی ئاو لە عێراق لە سەرەتای مانگی حوزەیرانی ٢٠١٦ بە تێکڕای ١،٣ مەتر لە رۆژێکدا رۆشتووە بەڵام بە هۆی بەرز بوونی پلەی گەرمی لە هاوین بێگومان ئەم ژمارانە زیاتر دەبن. پارێزەرانی ئاو لە عێراق پێشبینی ئەوە دەکەن کە ئەم نەوتە پیسە لە ماوەی سێ بۆ چوار مانگ دەگاتە رووباری تانجەرۆ ئەگەر هیچ هەوڵێک نەدرێت بۆ وەستانی. هەر لە ئێستاوە ئەم رووبارە پیس دەبێت بە هۆی پاشەڕۆکانەوە بەڵام ئەگەر ئەم پیسییە بگاتە رووبارەکە زۆر قورستر دەبێت بو پاک کردنەوەی و ببێتە هۆی گیرانی رووبارەکە کە ئەمەش زیانی ئەم پاشەڕۆ ژەهراوییە زیاتر دەکات. چەند کۆمەڵگاو ئەرزی کشتوکاڵی هەن کە پشتیان بە ئاوی ئەم رووبارە و دەریاچەی دەربەندیخان کە ئەویش لەوانەیە زیانی پێ بگەیەنرێت بە هۆی ئەم پاشەڕۆ ژەهراوییانەوە.

WATERKEEPER® ALLIANCE
MEMBER

دیار نییە کە ئایا پاشەڕۆی نەوت لەم ناوچەیە بەردەوام فڕێ دەدرێت یان نا و هیچ هەوڵێک نەدراوە بۆ هەڵکەنینی چاڵێک لە زستانی پێشوو. هیچ هەوڵێکیش نەدراوە لە دۆزینەوەی ڕێگەیەکی تر کە پاشەڕۆی نەوت و مادەی ژەهراوی تر هەر لە سەرەتاوە فڕێ نەدرێتە ئەم ناوچەیە.

پێویست ئەکات زوو ئەم کێشەیە چارەسەر بکرێت و داوا لە پارێزگای سلێمانی و دەستەی پاراستن و چاککردنی ژینگە و وەزارەتی تەندرووستی و ژینگەی عێراق و حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ پاککردنەوەی ئەم پاشەڕۆیانە بە زووترین کات و دۆزینەوەی چارەسەری باشتر بۆ کێشەی زبڵی شارەکان و مادە ژەهراویەکانی پیشەسازی وەک پاشەڕۆی نەوت. هەروەها داوا لە UN و ڕێکخراوە نێودەوڵەتیەکانی ژینگە دەکەین کە گرنگی زیاتر بەن بەم کێشەیە لەگەڵ حکومەتی هەرێمی کوردستان و دەسەڵاتە ناوخۆکانی سلێمانی و حکومەتی بەغداد. ئەمە کێشەیەکی مەترسیدارە کە دەبێت گرنگی زیاتری پێ بدەین.

###

Attached are some images of what is happening taken in February and April of 2016, along with a map showing the progress of the spill as of early June 2016. The rough location of the spill is at GPS Coordinates: 35.483047, 45.424534. Waterkeepers Iraq has also made a short film on this issue available on our YouTube Channel: https://www.youtube.com/watch?v=RYryXo4xYAA

To find out more about this issue or Waterkeepers Iraq contact the Iraq Upper Tigris Waterkeepers, Nabil Musa at info@waterkeepersiraq.org or +964 07703594408, or visit our website at: www.waterkeepersiraq.org.

Or check us out on:

Facebook: https://www.facebook.com/groups/IraqUpperTigrisWaterkeeper/

Twitter: @WaterkeepersIQ

Attachments:

Tanjero Dump - 24 Feb & 24 Apr 2016 (Photo comparisons 1,2, & 3)
Sulaimani Dump Oil Spill Map – as of June 2016